# ناوەندی چاک بەشداریکرد لەمێزگردێکی بارەگای نەتەوەیەکگرتوەکاندا لەجنێف لەسەر ژنانی دەربازبووی ئەنفال.

لە رۆژی 2010/6/8 دا ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفال و جینۆسایدی گەلی کورد (چاك) بەشداریی لە مێزگردێکدا کرد، کەلەبارەگای سەرەکیی نەتەوە یەکگرتووەکانی شاریجنێف رێکخرا بە ناوی: مافی مرۆڤ لەعێراقداو بەربەستەکانی. مێزگردەکەبەوتارێکی د. عەبدولئەمیر حوسام دەستی پێکرد کەنوێنەری رێکخراوی ئەلحەکیمە. دواتر چارڵز گرەیز مێزگردەکەی بەڕێوەبرد کەسکرتێری گشتی دیالۆگی ئایینەجیاکانی سەر بەنەتەوەیەکگرتوەکانە. بەشداربووانی ئەم مێزگردەپێکاتبوو لەبەکر جاف کە بە نوێنەرایەتی باڵوێزی عێراق بۆ نەتەوەیەکگرتووەکان ئامادەبوو، هەروەها سەید محەمەدی موسەویی و د. عوسمان ئەل-حەجە نوێنەری وەزیری مافی مرۆڤی عێڕاق و ناوەندی چاک. ئەم جۆرەمیزگرد و کۆبوونە وانەهەر چەند مانگ جارێک لەم بارەگایدا دەچێت بەڕێوەلەسەر کێشەی وڵاتەکان و کۆمەڵگاکان. ناوەندی چاک لەدرێژەی هەوڵەکانیدا بۆ ناساندنی جینۆساید بەجیهان، بەگوێرەی توانا و بۆ لوان بەشداری دەکات لەم چالاکیانەدا. ناوەندی چاک، هەوڵدەدات هەر جارەو کەسێکی پرۆفیشینال بانگهێشتبکات بۆ قسەکردن لەسەر جینۆسایدی گەلەکەمان. بۆیە لەسەر بانگهێشتێکی ناوەندی چاک، دکتۆر چۆمان هەردی کەلێکۆڵینە وەی پۆست دوکتۆراکەی لەسەر ژنانی دەربازبووی ئەنفالەبەشداریی لەم  مێزگردەدا کرد. ناونیشانی بابە تەکەی  " تاوانی ئەنفال و ئاکامەکانی لەسەر ژنان"  بوو.




بوونی ئەو خانمە و پێشکەشکردنی بابەتێکی وەها گرنگ سەبارەت بە ژنانی کورد، سەرنجی هەموو میوانەکانی ڕاکێشاو لە کۆتایی ووتارەکەیدا بە چەپڵەڕێزانێکی بەجۆشەوە دەستخۆشی لێکرا. لەناو هەموو باس و وتارەکانی تردا زۆرینەی پرسیارەکان ڕووبەڕووی بەڕێزی کرانەوە، ئەمەش گرنگیدانی ئامادەبووان بوو بە تێزەکەی دکتۆر چۆمان. بەبڕوای ئامادەبووان بابەتەکی ئەو کاریگەرترین و پرۆفشناڵترین بابەتی سیمینارەکە بوو.




## کورتەیەک لە باسەکەی چۆمان هەردی بەم شێوەیە بوو:

پاش باسکردنی پرۆسەی ئەنفال بەگشتی، د. چۆمان تیشکی خستە سەربارودۆخی ژن لە کاتی ئەنفال و پاش ئەنفالدا. بەتایبەتی باسی ئەو ژنانەی کرد کەلە زیندانەکانی ڕژێمی لەناوچوودا بەندکرابوون و ئەوانەش کەبەهۆی تاوانەکەوە ئاوارەی وڵاتانی دراوسێ بووبوون. هەروەها ئەو ژنانەی لەپاش ئازادبوونیان ڕاپێچی ئۆردوگا زۆرەملێکان کران و بەبێ پیاو، بێ ماڵ، بێ ئیش و بێ هیچ پشتگیرییەک دەستیانکردەوە بە بنیاتنانەوەی ژیانی خۆیان و منداڵەکانیان. ژنانی دەربازبوو بەهۆی ئەوەی تاکە سەرپەرشتیار و بەخێوکەری منداڵەکانیان بوون، ناچاربوون بە ئانجامدانی هەرزانترین و سەختترین ئیشوکارەکانی ناو کۆمەڵگا.

خاتوو چۆمان باسیشی لەوەکرد کەژنانی دەربازبوو بەبۆنەی ئەوەوەکەناچاربوون بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیانیان منداڵەکانیان لەماڵەوەجێبهێڵن و نەیانتوانیوەخەرجی و قوتابخانەو خۆشگوزەرانیان بۆ دابین بکەن، هەست بەگوناە دەکەن. ئێستاش ئەوە هەر منداڵی ئەنفالەکانن کەبەبۆنەی نەبوونی دەرفەتی خوێندنەوەکەمترین داهاتیان هەیە و لەنزمترین ئاستەکانی کۆمەڵگادا کاردەکەن و هەست بەوەدەکەن کە لەکۆمەڵگەداپەراوێز خراون.

هەروەها باسی لەوەکرد کەئەنفال پرۆسەیەکی وێرانکاری و توندوتیژبوو دژ بە خەڵکی کورد بوو بەمایەی ئازاری جەستەیی و دەروونی بۆ دەربازبووان. ئەم کارەساتە خەڵکی لە ماڵ و خێزان و عەشیرەت و کشتوکاڵ و موڵک و کار بێبەش کرد و پەیوەندی ئەوانی بە زەویەوە تێکشکاند. بەشێکی زۆری دەربازبووان لە هەژارترین چینەکانی خەڵکن. ئەو شوێنانەی ئەوانی لێ دەژین گوزارش لە هەژاری و پەراوێزخراوی ئەوان دەکات. سەرەڕای ئەمەش خەڵکی کوردستان وەک کۆمەڵێک قوربانیی بێ دەسەڵات لەو دەربازبووانە دەڕوانن، ئەمە لەکاتێکدا کەئەوان توانیویانە بەهێز و ڕەنجی خۆیان چەندین نەوەپەروەردە بکەن. ئەم تێڕوانینەی خەڵک کاریگەریی هەیەبۆ سەر تێڕوانینی دەربازبوان بۆ خۆیان و کەم نرخاندنی تواناکانی خۆیان و هەندێک جاریش خۆ بەکەم زانین.

خاتوو چۆمان کۆتایی ووتەکانی بەوە هێنا کەبۆ بەرەنگاربوونەوەی دەرەنجامەکانی کارەساتی ئەنفال دەبێت چارەسەرێکی بنەڕەتی و گشتگیر بۆ کێشە درێژ خایەنەکان بدۆزرێتەوە. جەخت لەسەر ئەوەکرایە وەکەبەتایبەتی لەسەر ئەم سێ ئاستەی خوارەوەکار بکرێت:

١. قەرەبووکرنەوەی لەدەستدانی ماڵ، موڵک، بژێوی ژیان و ئەندامەکانی خێزانیان بەدابینکردنی ژیانێکی هێمن و تێر و تەسەل.

٢. بەدەستهێنانی چەمکی دادپەروەری، واتە دادگایی کردنی هەموو تاوانباران، نەک تەنها سەرانی ڕژێمی بەعس، بەڵکو ئەو سەرۆک جاشانەی ڕۆڵیکی بەرچاویان لەتاوانەکەدا بینیوە. هەروەها دابینکردنی زانیاری دەربارەی قوربانیانی ئەنفال و کارکردن بۆ گێڕانەوە و هێنانەوەی ئێسکو پروسکی ڕوفاتی ئەنفالکراوان بۆ زێدی دێرینەی خۆیان.

٣. کارکردن بۆ گێڕانەوەی هیوا و ئومێدی دەربازبووان: گێڕانەوەی شکۆ و یەکسانیی کۆمەڵایەتی و زەمینە سازیی بۆ بەشداربوونی دەربازبووان لە نێوەندی بڕیار و پۆستە باڵاکانی حکومەت و بوارەکانی کارگێڕیی لە ئاستە جیاکاندا.

لە کۆتاییدا بەهۆی کاریگەریی باسەکەی دکتۆر چۆمانەوە، هەندێ پرسیاری ئاڕاستەکرا.

چالاکوانێکی بواری جینۆسایدی خەڵکی پاکستان پرسیاری کرد ئایا هیچ هەوڵێک دراوە بۆ بە نێونەتەوەییکردنی کارەساتی ئەنفال؟

لە وەڵامدا وتی: لەسەرەتای ساڵی نەوەدەکانەوە ڕێخراوی" چاودێری مافی مرۆڤی جیهانی" دانی بە جینۆسایدکردنی خەلکی کوردستاندا نا. ئەم رێکخراوەبەپشت بەستن بەو دۆکۆمێنتانەی حکومەتی عێراق کەلەکاتی راپەڕیندا دەست خەڵک کەوتن و هەروەها چاوپێکەوتن لەگەڵ زیاتر لە سێسەد مرۆڤی دەربازبووی ئەنفال و هەڵدانەوەی چەندان گۆڕی بەکۆمەڵ کتێبێکیان لە ژێر ناوی " جینۆساید لە عێراق: پرۆسەی *ئەنفال دژی کورد* " بڵاو کردەوە. هەر ئەو کاتەئەم ڕێخراوە هەوڵی دا قەناعەت بەدوو وڵاتی هەمیشەیی نەتەوەیەکگرتووەکان بکات کەسکاڵای یاسایی دژی دەوڵەتی عێراق تۆمار بکەن بەتاوانی جینۆساید دژی کورد بەڵام بەداخەوەئەم هەوڵەسەری نەگرت.

دواتر لە دۆسیەی دادگاییکردنی گەورە بازرگانی هۆڵەندی " فرانس ڤان ئانرات"دا دادگای هۆڵەندیی دانی بەوەدا نا کە ئەنفال دەچێتەخانەی جینۆسایدەوە.

هەروەها دادگای باڵای عێراقی دانی بە جینۆسایدکردنی گەلی کورددا نا و دواتر پەرلەمانی عێراق بە فەرمی قەبوڵی کرد. بەڵام بەداخەوە دادگای نێودەوڵەتی هەتا ئێستا کاری لەسەر نەکردووە.

پاشان پارێزەرێکی بەشداربوو پرسیارێکی ئاراستەی دکتۆر چۆمان کرد کەئایا هیچکام لەو کۆمپانییانەی مادەی خاوی چەکی کۆکوژییان بە عێراق فرۆشتووە راپێچی دادگا کراون؟

چۆمان لە وەڵامدا وتی: هەتا ئەو شوێنەی ئاگام لێی بێت تا ئێستا هیچی وا نەکراوە، لەگەڵ ئەوەشدا لە ساڵی ٢٠٠٢ عێراق دۆسیەی چەکی کیمیایی پێشکەش بە نەتەوەیەکگرتووەکان کرد کەتیایدا باسی پرۆگرامی دروستکردنی چەکی کۆکوژی و سەرچاوەکانی بەدەستهێنانی کەرەسەی خاوی کیمیایی کرد. بە ڵام بەبڕیاری ئەمریکا و بەریتانیا و چەند زلهێزێکی تر ئەم زانیاریانەلەدۆسیەکەدا لابران بەبیانووی ئە وەی کەنەکا وڵاتانی دیکتاتۆری تری وەک عێراق بەخراپی سوود لەم زانیاریانەوەربگرن و بۆ دروستکرنی

چەکی کیمیایی بەکاری بهێنن. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک زانیاری سەبارەت بەم کۆمپانیانەلە ڕۆژنامەیەکی ئەڵمانیدا بڵاوکرانەوە. ڕۆژنامەکە ووتبووی بەشێکی زۆری ئەو کۆمپانیانە ئەمریکین و بەشێکی زۆرتریشی ئەڵمانین. ئەوەبوو هەر ئەوکاتە چەند چالاکوانێک هەوڵی بەدادگا گەیاندنی ئەو کۆمپانیانەیان دا بەلام هیچ ئاکامێک دیار نیە هەتا ئێستا. هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی زانیاری پێویست و بڕواپێکراو، وە پاشان زاڵبوونی سەرمایەداری و پشتگیری ولاتە زلهێزەکان و ناوگۆڕینی زۆرێک لەو کۆمپانیانە و هەروەها کەم تەرخەمی دەسەڵاتی کوردی لەبەدواداچوونی ئەم دۆسیەیەدا.

کات تەواو بوو ، لەم کاتەدا دەبوو هۆڵەکە بەجێبهێڵین، بەڵام دەستەکان هەر بە ئاسمانەوە بوون بۆ پرسیارکردن لە نوێنەرە خاوەن ئەزمونەکەمان "دکتۆر چۆمان" بەڵام دەرفەتەکان ڕێگایان نەدا و جارێکی تر ئێمە نرخ و ڕێزی کاتمان بە بەرجەستەیی بینی. لە دەرەوەی هۆڵەکە و لە ساڵەی ئەو بینایەدا زۆرێک لە خەڵک لە نوێنەرانی ناوەندی چاک ئالابوون بۆ ووتوویژی زیاتر و و باسکردن لەو کارەساتە شومە و ناسینی دۆزە ڕەواکانمان، وێنەگرتن و جێبوونەوەی نوێنەرەکانمان لە ئەلبوم و ئەرشیفی ئامادەبووواندا.

ناوەندی هەڵەبجە،دژ بەئەنفالکردن و جینۆسایدگی گەلی کورد ـ چاک

www.chak.inof     chak.org@gmail.com